# له "حجاريان"ەوه تا "الحجاريان"

# له "خومەینی"یەوه تا "هخا"

## چەند تێبینییەك سەبارەت به "بەربوونی نمره سفری" ڕابەرایەتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران



**کورش مدرسی**

**محمـــد غفـــور له**

**("کمونیست"ی ژماره7 ڕۆژی15ئۆکتۆبەر**

**بڵاوکراوەی حككا–حکمەتیستەوه وەریگێڕاوه**

ڕوونکردنەوەیەکی پێویست:لەهەفتەکانی ڕابردوودا کەسێك بەناوی فتح الله خالقی یزدی،کەخۆی به"هخا" یانی هخامەنشینی ناوبردووه لەڕێگەی بەرنامه تەلەفزیۆنییەکانەوه بانگەوازی خەلکی ئێرانی کردووه بۆ ڕاپەڕین.وەعدەی نەجات ورزگاری پێداون.ناوی خۆی ناوه بزووتنەوەی "خها"وئەلێ من پێغەمبەری نەجاتی خەلکی ئێرانم."هخا"ڕەمزی ناوێکه بۆ هخامەنشینی سەردەمی پاشایەتی کۆنی پێش پەهلەوییەکان.گوایا ئەمه بزووتنەوەیەکه وئەمیش پێغەمبەرکەیەتی ودەولەتانی ڕۆژئاوایی لەپشتییەوەن بۆ نەجاتی خەلکی ئێران له دەستی جمهوری ئیسلامی.پەیدابوونی ئەم کەسه وئیدیعاکانی بۆ خەلکی ئێران لەمەسخەرەیەك زیاتر نەبوو. ـ وەرگێڕ)

بۆ جوانیی وەسفکردنی ڕۆحییەی "گۆڕڕاو ـ متحول"ی هەندێ کەس میسالێك هەیه هێنانەوەی کەملوتفی نییه.ئەیگووت ڕەوشت ولێکدانەوەکانی ئەمانه وەکو "تەلەفۆنه نمرەییەکان"وایه کەژماره سفرەکەییت گرتبێت.هەرکه پەنجەت لەچەرخی نمرەگیرەکه دەرهێنا چەرخ بەخێراییەکی"لەکۆنترۆل نەهاتوو" ئەگەڕێتەوه بۆ جێگای پێشووی خۆی.ڕەوشت و"لێکدانەوەکان"و ڕۆحییەی ئەم کەسانەش هەربەمەی که لەبازنەی نفوزی ئێوه چوونەدەرەوه بەهەمان شێوەیه:بەخێرایی ئەگەڕێنەوه بۆ شوێن وجێگای یەکەمیان.به"گالتەجاڕییەوه ئەیگووت" "نمره سفریان ترازاوه".

خێرایی پاشەوپاشگەڕانەوەی ڕابەریی "نوێ"ی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران بۆ سیاسەت،ڕۆحییات ورەوشتەکانی چەپی سوننەتی سەرسوڕهێنەره.کار له "ترازانی نمره سفر" تێپەڕیوه.دوو نموونەی دوایی هەرگیز دوایین شاکاری ئەمانه نابێت:

نموونەی یەکەم پەیوەندی ئەمانەیه لەگەل حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقدا."ئاخرین" هەوالی ڕابەری نوێی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران ئەمەیه کەحیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بۆته "ڕاست".بەهەله تێنەگەن!ئیدیعا ئەمه نییه گۆڕانکارییەك لەسیاسەتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقدا پێکهاتبێت لەپەیوەند بەسۆشیالیزمەوه.یاگۆڕانێك بەسەر سیاسەتی حیزبی عێراقدا هاتبێت سەبارەت بەدەولەتی ئەمریکا،ئیسلامی سیاسی،دەولەتی عێراق وناسیونالیسته کوردەکان.ئیدیعا ئەمه نییه گۆڕانێك لەسیاسەتی ڕێکخستنی کرێکاران لەعێراقدا،یاسیاسەتی یەکگرتووکردنی خەلك بۆ کردنەوەی پەنجەرەی ڕۆشناییەك لەناو کوێرەوەری سیناریۆیەکی ڕەشدا کەبەسەریاندا سەپێنراوه پێکهاتووه.بەپێچەوانەوه ئەزانن حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ئەم دواییه لەلایەکەوه لەڕووبەڕووبوونەوەی ئاشکرای لەگەل ڕەوتەئیسلامییەکان لەناوچەکانی مقدادیه وشارەباندا پاشەکشەی پێکردوون،ولەلایەکی دیکەوه لەکۆبوونەوەی 15و20

هەزارکەسی خەلك لەژاپۆن وکۆریادا دەنگی نارەزایەتی مرۆڤایەتی شارستانی وئینسانییەتی سەکوتکراوی لەعێراقدا بەهەمووان گەیاندووە.بەلام ئەمانە هیچ گرنگییەکیان نییە.هیچ رووداوێك لەجیهانی دەرەوە،لەکۆمەلگادا یالەسیاسەتدا شوێنی لەنگەرگرتنی فکری یاسیاسی نییە بۆ ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە.نەبەرنامە،نەتاکتیك،نەشیعار نەهیچ شتێکی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق نەگۆراوە.بەلام "کتوپر ـ ناغافل" حوکمی تەوبەکاربوونیان دەرچوو."راست"ن!بەردبارانیانکەن! بۆچی؟ چونکە رابەرایەتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق رپوایەتی "حجاریانی" و"خەلك لەسۆشیالیزم ئەسلەمێنەوە"ی لەئیختلافاتە ناوخۆییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێراندا قبولنەکرد. مەحکەمتر وگەورەترلەوەبوو کەرپوایەتی منالانەی ئەمانە لەناو گۆرانکارییە ناوخۆییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێراندا قبولبکات. نەیئەتوانی پەسەندی ئەوەکات کە"تازە"ئاشکرابووە لیدەری پێشوو وسەرۆکی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران دوو سال پێش ئێستا "بەنهێنی"پشتیکردبووە سۆشیالیزم،تەوبەی کردبوو،وەهەموو بەرگریەکانیشی لەسۆشیالیزم ویەکسانی ئینسان لەبەرامبەر هێرشی راستدا"ناواقعی"بووە و"تەمسیلیی"کردبوو! یائەوە پەسەندبکات کەلەشکرێکی عەزیم لەو کۆمۆنیستانەی کەکۆمەلگا سۆشیالیزم وکۆمۆنیزم بەواندا ئەناسێتەوە وحیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران،لەوانە هەمان رابەری تازەشی،هەتا یەك رۆژ پێشلە جیابوونەوە ئەوانی وەکو رابەرانی کۆمۆنیست پێناسەئەکرد،"لەپرێکا" "کافر"بوون.رابەرایەتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ئەم رپوایەتە منالانەیەی پەسەندنەکرد.هەرئەمەندە.وەهەر بەم کارەشی کافربوو.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق وئێمە لەگەل ئەواندا جیاوازی عەقیدەییمان هەیە چتاوانێك لەمە گەورەترە! رێك وەکو رەوتە مەزهەبییەکان کەپەیوەندییان لەگەل جیهانی دەرەوەیاندا بیروباوەری فیرقەکەیان پێناسەیئەکات، وەنەك پەیوەندی ئەوان لەگەل جیهانی دەرەوەیان.لێرەدا ئەوەش گرنگ نییە ئێوە لەکوێی ئەم جیهانە ولەجەرگەی کام ململانێی کۆمەلایەتی یا سیاسیدا دەرگیربیت،گرنگ ئەمەیە کەپەیوەندی عەقیدەیی ئێوە لەگەل ئەم فیرقەیە چییە.بەیانکەری درووست ونادرووست،چەپ وراست نەك پەیوەندی ئێوەیە لەگەل جیهانی دەرەوەتاندا بەلکە پەیوەندیتانە لەگەل خودی ئەم فیرقەیەدا.رێك وەکو مامەلەی یەك دەماگیری مەزهەبی لەگەل یەك بەهائیدا. هەموو کارێك دەرهەق بەبەهائی رێپێدراوە وبەهائی هەرکارێك بکات وببێتە رابەری هەر حەرەکەتێکی کۆمەلایەتی وسیاسی کافرە وخوێنی حەلالە.بەلای ئەمانەوە نەئێمە ونەحیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەجیهانی دەرەوەدا بوونمان نییە.ئەتوانرێت هەر درۆیەك بەئێمەوە بلکێنرێت،هەرچی نەگووتراوە بەگووتراو رابگەیەنرێت.

ئێمەیان بەلایەنگری حجاریان پێناسەکرد،کەواتە بێگومان حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقیش بەلایەنگری "الحجاریان" رائەگەیەنن. گرنگ نییە.هەردوو تۆمەتەکە بەیەك ئەندازە واقعیین.ئەمە جیهانی زەینی منالانە،سادە،شێر یا خەتیی ونیمچەمەزهەبی ورپاکارانەی چەپی سوننەتییە.

نموونەی دووەمیش بەهەمان ئەندازە سەرنجراکێشە.هاورێیان لەناو خەیالێکی منالانەدا دەستێکیان کردۆتە سێبەری سەرچاویان وتەماشای ئاسۆی دوورئەکەن وبەدەستەکەی کەشیان بەیداخی سوور بەخەلك نیشانئەدەن.چەند ناپلیۆنێك بەبیجامە وکلاوی سێسووچەوە لەبەرامبەر ئاوێنەدا.خالەناپلیۆن.چەند دۆنکیشۆتێك بە لەگەنی سەلمانیی بەسەر وپشت وروویانەوە بەسواری ئەسپەوە.خەیال منالانەیە بەلام هیچ شتێك لەو ئۆپۆرتۆنیزمەی کەئەم خەیالە لەدنیای سیاسەتدا لەگەل خۆیدا ئەیهێنێت کەمناکاتەوە.

ناسیونالیزمی عەزەمەتتەلەبی ئێرانی ئەمجارەیان لەزمانی فاشیستترین وبێسەرەوبەرەترین نوێنەری خۆیەوە"ئاهورای هەقخواز - اهوراحق خاه"ەوە بانگەوازی خەلکی کردووە تالەژێر پەرچەمی "هخا"دا برژێنە شەقام. خەلکێکی زۆر لەم پێشهاتەدا بەشداریناکەن،بەلام هاورێیانی ئێمە لەخەیالی منالانەی خۆیاندا وابیرئەکەنەوە کە گرنگنییە کێ خەلکی هێناوەتە سەرشەقام.کۆمەلگا چەپە،ئەوان رابەری چەپن،کەواتە ئەوان رابەری کۆمەلگان! دوو لەگەل دوو ئەکاتە چوار!ئەتاکتیك پێویستە ونەنەخشە.هەرئەوە کە سواری شۆرش ببیت هەموو شتێکە.گرنگ نییە هەرکەسێك شۆرشی بەرپاکردبێت.بەلام تراژیدیا ئەمەبوو کەئەمانە لەم خەیالەدا کەوتنە شوێن"اهورا" وبانگی خەلکیانکرد بێنە شەقام.بەرووی موبارەکی خۆشیاندا نەهێنا بلێن کەبەشداری ئاکسیۆنی کەسێکی دیکەیان کردووە نەك بەشداری نارەزایەتی هەمەرۆژەی خەلکی.گووتیان دەورەیەکی نوێ لەخەباتی سۆشیالیستی خەلکی دەستپێیکردووە!

یەك کەسی فاشیست بانگەوازی خەلکی کردووە کەبێنەژێر پەرچەمەکەیەوە وئەمانە لە پێناوی سۆشیالیزمدا کەلك لەم بانگەوازە وەرئەگرن! چداهێنان وفرسەتلەدەستنەدانێکە!

بەلام گرێکە ئەمەیە کەیەکەم ئەم جۆرە کەلکوەرگرتنە لەفرسەت بەفرستتەلەبی ناوئەبەن.راستی بەخەلك نالێن.پرەنسیپەکانیان ئەکەنە فیدای فرسەتی رۆژ،سواری شەپۆل ئەبن.ئەمە هەمان سواربوونی شۆرشە کەووتمان جیهانی ئەمانەی لێپێکدێت.هیچ پەیوەندییەکی بەرێکخستنی شۆرش ووەرگرتنی دەسەلاتی سیاسییەوە نییە.

لەدووەمدا ئەم داهێنانەشیان دیسان نوێ نییە.هەمیشە کاری چەپی سوننەتی هەر ئەمە بووە.بۆنموونە سالانێك لەوەپێش،لەجەریانی شۆرشی پێشوودا،لەئێراندا رەوتی ئیسلامی وخومەینی لەتاسوعا وعاشورای سالی (57-79زایینی)دا بانگەوازی خەلکیانکرد بێنە شەقام هەتا پەتی خۆیان لەگەردنی بزووتنەوەی نارەزایەتی لەدژی حکومەتی سەلتەنەتی گیرکەن،وتالەم رێگەیەوە روخساری جەماوەری بدەن بەئیسلام.تەقریبەن سەرتاپای رەوتەچەپەکان هەرئەم سیاسەتەی دۆستانی ئێمەیان گرتەپێش لەناو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێراندا.بەخەلکیاننەووت کەخومەینی کۆنەپەرستە نابێت لەخۆپیشاندانێکدابەشداری بکرێت کەلەلایەن ئەووەوە بانگەوازی بۆکراوە. راستییەکەی زۆربەیان رەوتی ئیسلامی وخومەینییان بەمرادەیە بەکۆنەپەرست نەئەزانی وەیا پێی حەساسنەبوون.

وابیریانئەکردەوە خەلك لەدژی رژێمی شا رژاونەتە شەقام وئەمانیش لەگۆشەیەکەوە بەچەند پەرچەمی وەکو"بەپابێت جمهوری دیموکراتیکی خەلك"و"بژی شۆرشی جەماوەر"ەوە مۆری چینی کرێکار ئەدەن لەشۆرش.ئەوەی کەروویدا ئەمەبوو کەبۆ هەزارەمینجار دەرکەوت کەئێوە ناتوانن لەسەرشانی کۆنەپەرستییەوە بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازانە بەرپابکەن.هەربەوجۆرەی کەچەپی ئەوسەردەمە نەیتوانی لەسەر شانی خومەینییەوە"سۆشیالیزمەکەی"پێکبێنێت،رابەرانی ئێستای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێرانیش ناتوانن لەسەرپشتی ئاهورای هەقخوازەوە بانگەوازی سۆشیالیزم بەجێگایەك بگەیەنن.

پەیوەندی ئەو چەپە لەگەل بزووتنەوەی مەزهەبیدا نزیکتر لەم قسانەبوو.لەدلی ئەو چەپەوە حیزبی تودە وچریکی ئەکسەریەت هاتنەدەرەوە.ئایا جێگای ئەو چەپە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری،وجێگای ئیسلامییەکانیش ناسیونالیزمی عەزەمەتتەلەبی ئێرانی

ئەیگرێتەوە؟وەئایا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەسەرەتای ڕێگایەکدایە کەحیزبی تودە بەکۆتایی گەیاند؟دەبێ ببینین.فعلەن کە نمرە سفریان بەربووە بەخێراییەکی باوەڕپێنەکراو ئەیانەوێ بەرەو سەردەمی کۆنی خۆیان بگەڕێنەوە.